تاڵبانی: سەرکەنەی هەرشە سەر هێزەکانی دژە تیرۆری کوردستان دەکەم لە عەربەت

قوباد تاڵبانی: بەتوندی سەرکەنەی ئەو هەرشەی سەر هێزەکانی دژە تیرۆری کوردستان دەکەم لە ناحیەی عەربەت.

قوباد تاڵبانی، جێگری سەرۆک وەزیرانی کاربەدەستی هەرێمی کوردستان لەبارەی هەرشکردنەسەر عەربەت ڕایگەیاند، "پێشێلکردنێکی دیکەی سەروەری خاکی عێراقە کە لەڵەی فرۆکەی بە فرۆکەوانەوە ئەنجامدراوە بە سەر هێزەکانی دژە تیرۆر، لە کاتێکدا ئەو هێزە سەرقاڵی مەشق و ڕاهێنانی ئاسایی و ڕۆژانەی خۆیان بوون"، وتیشی: بەداخەوە لەم ڕووداوەدا سێ هەڤاڵی قارەمانی گەلەکەمان شەهیدکران و سێ هەڤاڵی دیکەشمان بریندار بوون، جەختدەکەینەوە، کە هیچ بیانوویەک نییە بە ئەنجامدانی ئەو جۆرە هەرشانە بە سەر هێزێکی قارەمانی کوردستان کە ئەرکیان پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری کوردستانە و ڕێکی بنەڕەتیشیان هەبووە لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە ناوچەکەدا، داوا دەکەین لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی فیدراڵ بەنە سەرخەت و کار بکەن بە ڕێگریکردن لەوەی جارێکیتر ئەو پێشێلکارییانە دووبارە نەبنەوە، هەروەها داواش لە لایەنە پەیوەندیدارەکانی کوردستان دەکەم لەکەینەوەی ورد بکەن بە دەرخستنی تەواوی ڕاستییەکان و ئاشکرا کردنیان بە ڕای گشتی خەڵکی کوردستان.